

## د. شەفیق قەزاز بۆ گوڵان:

# پەیوەندی و لێکحالیبوونی کوردستان و تورکیا مەسەلەی کاتە

## لۆزان کۆتایی هات و خەریکە سیڤەر زیندوو دەبێتەوە

لەم بارودۆخەی ئەمڕۆدا کە عێراق و کوردستان پێیدا ڕەت دەبێت، گرنگە پەیوەندی لە نێوان کورد و تورکیادا هەبێت. چونکە چەند فاکتەرێک هاتوونەتە پێش بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان و تورکیا بیر لەوە بکەنەوە پەرە بە پەیوەندی نێوانیان بدەن.

یەکێک لە هۆکارەکان ڕەوشی عێراقە، خاڵێکی دیکە ئەوەیە ئێمە و تورکیا دراوسێی یەکترین. لەمەشدا تورکیا گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە، چونکە ئەگەر بۆ(٢٠-٣٠)ساڵی ڕابردوو بگەڕێینەوە دەزانین لەو سەردەمانەدا تورکیا چاوی هەڵنەدەهات کە باسی کورد بکرێ، تورکیا بڕوای بەوە نەبوو کە کورد هەیە.

بەڵام ئەمڕۆ هەڵوێست و لێدوانەکانی گەورەبەرپرسانی تورکیا گۆڕانیان بەسەردا هاتووە. هەر چەندە من وای دەبینم کە تورکیا شەڕێکی سایکۆلۆژی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دەکات، ئەوەندەی پێی بکرێ درێژە بەو شەڕە دەدات، بۆئەوەی ڕەورەوەی مێژوو بەرەو دواوە بگەڕێنێتەوە. بەڵام لە ناخدا تورکیا گەیشتۆتە ئەو بڕوایەی لەو شەڕە سایکۆلۆژییەدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان سەرکەوتوو نابێ. چونکە خۆی باش دەزانێ ئەمڕۆ تورکیا ناتوانێ کۆنترۆڵی کاروباری کوردستان بکات لەلایەکی دیکەوە کەسایەتی کوردستان پەرەی سەندووە و کێشەی کورد لە قاوغێکی ناوخۆیی و ناوچەیی دەرچووە و بۆتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی.

کورد کاری لەسەر ناکرێ بەڵکو خۆی فاکتەرە لە سیاسەتی ناوخۆ و ناوچەکە. جگە لەوەش دیپلۆماسییەتی کوردی و کەسایەتی دەسەڵاتی سیاسی کوردستان لەسەر ئاستێکی باڵا پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر و وڵاتانی زلهێز و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرێ دەدەن.

ڕاستە خۆشم ناتوانم پەیوەندی کورد و ئەمەریکا بە شێوەیەک هەڵسەنگێنم تا بزانم چۆنە و لە چ ئاستێکدایە بەڵام... کورد ئەمڕۆ هاوپەیمانی ئەمەریکایە و ئەمەریکاش هاوپەیمانی کوردە، جا لە چوارچێوەی عێراق بێت یان ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەلایەکی دیکە وە تورکیاش دەزانێ ئەگەر هەڵوێستی بەرامبەر هەرێمی کوردستان ئیجابی بێت ئەوا خۆشی سوودمەند دەبێت.

ئەمڕۆ گوێبیستی ئەوە بووم کە تائێستا چەندین ملیۆن عێراقی ئاوارە بونە و لە وڵاتەکانی دەوروبەری عێراق گیرساونەتەوە. تورکیا کۆڕەوی ساڵی(١٩٩١)ی لەبیر ماوە کە چ کێشەیەکی گەورەی بۆ دروست کرد.

ئەمڕۆ تورکیا لەبیری ئەوەدایە لە ڕووی ئاسایش و شەپۆلی پەنابەران کە ئەگەر عێراق لە یەک ترازا هەرێمی کوردستان وەک ناوچەیەکی بەربەستی لێدێت بۆ تورکیا. ئەمە بۆ ئەو زۆر گرنگە.

### ئێمە دەبێ بەرامبەر تورکیا چۆن بین؟

ئەمڕۆ پێویستە تورکیا وەک دەوڵەتێکی داگیرکەری کوردستان لەگەڵ سیستەمێکی حوکمڕانی دراوسێ جیا بکەینەوە، ئەمە شتێکە تازە تورکیا هەستی پێکردووە، تورکیا تا دووسێ ساڵ لەمەوبەریش بڕوای بەوە نەبوو ئێمە خاوەنی ئەم سنوورەین، بەڵام ئەمڕۆ بڕوای هێناوە.

ئەو ئەمڕۆ لە بازاڕی کوردستان وەبەرهێنان دەکات کە لەڕێی ئەوسنوورەوە دروست دەبێ. ئەمە هەندێ واقیعە کە تورکیا ناتوانێ نکوڵی لێ بکات.

ئێستا سنوورێکی هاوبەش و سەلمێندرا و لە نێوان ئێمە و تورکیا دروست بووە.

لەلایەکی دیکەوە ئەگەر لە ڕوانگەی کوردەوە سەیری مەسەلەکە بکەین دەزانین کە ئەمەریکا هێزێکی بیانییە، بەڵام تورکیا بەشێکە لەناوچەکە. واتە ئێمە دەبێ لەگەڵ تورکیا ئیدارە بکەین. چونکە چارەنووسمان پێکەوەیە، ئەگەر سەیری نەخشەی کوردستان بکەین ئێمە بە جۆرێک دەیبینین وخەڵک بە جۆرێکی دیکە دەیبینێ.

ئەویش ئەوەیە ئێمە وڵاتێکی داخراوین، وڵاتێکیش ئەگەر بییەوێ لەڕووی ئابووری گەشە بسێنێ و دەروازەیەکی هەبێ بەرووی جیهانی دەرەوە دەبێ سەیری دەورووبەری بکات. کوردستان کەوتۆتە نێوان ئێران-سوریا-عێراق-تورکیا.

لەوەدەچێ بتوانین زیاتر لەگەڵ تورکیا بگونجێین.

لەم بارودۆخە ئاڵۆزەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شتێک هەیە لەگەڵ تورکیا کۆمان دەکاتەوە. ئەویش مەسەلەی دیموکراسییە. حەز بکەین یان نەکەین ڕەنگە بە نیسبەت کێشەی کورد لە تورکیا وا نەبێت، بەڵام تورکیا سیستەمێکی دیموکراسی بەڕێوەی دەبات.

ئەوەش لەوانەیە هەوێنێک بێت بۆ یەکتر قەبووڵکردن و لەگەڵ کۆمەڵی تورکی زیاتر بگونجێین وەک لەگەڵ لایەنەکانی دیکە، چونکە تورکیا دەوڵەتێکی خاوەن بڕیار تەنیا خۆیەتی. واتە کاریگەری کەسی لەسەر نییە، بەڵام لە وڵاتانی عەرەبی لە بەرامبەر هەر بڕیارێک ئاکامێکی روون نابینرێ، چونکە هیچ وڵاتێکی عەرەبی ناتوانێ بە تەنیا خۆی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدات.

تورکیا خاوەن بڕیاری خۆیەتی، ئەمەش گرنگە سەبارەت بە کێشەی کورد. ئەگەر ئەو وەرچەرخانەی من دەیلێیم ودەیبینم لە هزری سیاسی و ستراتیژی تورکیا هەبێت دەتوانین زووتر بگەینە ئەنجامێکی باش وەک لەگەڵ وڵاتانی دیکە.

چەند شتێکی دیکە کۆمان دەکاتەوە لەوانە کورد و تورکیا هەردووکیان هاوپەیمانی ئەمەریکان، ئەمەش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگمەنە ئەمڕۆ کێشەی ئەمەریکا لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەیە کە دۆستی نییە، خۆشی ئەمە چاک دەزانێ.

دووەم مادام ئەو مەسەلانە هەموویان پەیوەستن بە کێشەی عێراق بەلای ئەمەریکاش گرنگە

سەقامگیرییەک لە ناوچەکەدا هەبێت بۆیە ئێستا ئەمەریکا چاوەڕوانە کە تورکیا و هەرێمی کوردستان بە جۆرێک خۆیان بگونجێنن کە ستراتیژییەتی ئەمەریکا داوای دەکات.

کورد دەبێ بەرەو پیری ئەو کرانەوەیە بڕوات کە ئەمڕۆ لە هەندێ نێوەندی سیاسی تورکیا هەستی پێدەکرێت، وەک گوتم تورکیا بە ئاسانی خۆی نادات بەدەستەوە، بەڵام لە ناخی خۆیدا بڕیاری داوە کە دەبێ لەگەڵ کوردی عێراق دابنیشێ. هەندێ فاکتەر لە کۆنترۆڵی ئەو دانییە.

هەندێکیان بەسەر چوون. ئەوەی لەسەر ئێمەیە ئەوەیە دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین ئەو بێ بڕواییەی تورکیا بەرامبەر کورد نەهێڵین بەروونی دەیڵێم تورکیا هیچ متمانەیەکی بەرامبەر کورد نییە، دەڵێ کورد لەملا باسی فیدراڵی دەکات و سبەی دەوڵەتی کوردی رادەگەیەنێ. ئێمە دەبێ تورکیا حاڵی بکەین نەک بەوەی نەفی مافی خۆمان بکەین بڵێین دەوڵەت دانامەزرێنین، نەخێر دەبێ پێی بڵێین کە بۆچی ئەمڕۆ داینامەزرێنین. یان کە دەوڵەتمان راگەیاند دەبێ تورکیا هاوکارمان بێت. ئەمە زۆر لە بێ بڕوایی کەم دەکاتەوە.

مەسەلەی کەرکووک شتێکی زۆر بنەڕەتییە لە عەقلییەتی تورکیا، کە هەق نییە وابێت. کەرکووک و ویلایەتی موسڵ تورکیا لە ساڵی بیستەکان لەدەستی دا. ئەم مەسەلەیە بە نیسبەت ئینگلیز وعێراق بڕاوەتەوە بەڵام گرفت لێرەدا ئەوەیە بە نیسبەت تورکیا نەبڕاوەتەوە. ئەوان تا ئێستاش داوای ویلایەتی موسڵ دەکەن.

لێرەدا هەق وایە ئێمە ئەم مەسەلەیە بۆ ئەوان ئاسان بکەین، دەبێ وەک حکومەتی هەرێم قەناعەتیان پێ بێنین کە ئێمە چ نیاز و مەبەستێکمان هەیە لەگەڵ کەمینەکانی کوردستان، دەبێ دڵنیایی بدەین کە غەدر لە کەس ناکەین چونکە خۆمان زۆرمان غەدر لێکراوە.

سەبارەت بە ماددەی(١٤٠)نابێ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان هیچ جۆرە گومانێک بکات لە جێبەجێکردنی، دەبێ بەردەوام ئەوە دووپات بکاتەوە کە ماددەی(١٤٠)جێبەجێ دەبێت. چونکە تورکیا لەوانەیە سوود لە بچووکترین دەرفەت وەبگرێت و بڵێ باشە من واز لە کەرکووک دێنم بەڵام ئەوەتا عێراق خۆی ناهێڵێ بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان.

دەبێ تورکیاش حاڵی بکەین کە کەرکووک شارێکی کوردستانە و دەبێ بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بەڵام پێکهاتەکانی کەرکووک بە هیچ جۆرێک زوڵمیان لێ ناکرێ هەموو مافێکیان پارێزراو دەبێت. دەبێ بە روونی بە تورکیا بڵێین ئێمە ئەمانە دەکەین بەڵام بە هیچ جۆرێ دەست لە کەرکووک هەڵناگرین.

تۆ بۆت نییە سنووری ئێمە ببەزێنی و ئەمە بۆ تۆ دەست نادات، چونکە پێت ناکرێت وناهێڵین بیکەیت.

### هەڵوێستی ئەمەریکا لەسەر مەسەلەی کورد

تورکیا هەستیارە بەوەی کە ئەمەریکا هەڵوێستی بەرامبەر کورد بە شێوەیەکی گشتی و هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی تایبەتی گۆڕاوە.

ئەمەریکا ئەمڕۆ ستراتیژییەتێکی نوێی بۆ عێراق داناوە، یەکێک لە فاکتەرەکانی ئەگەری سەرکەوتنی ئەو ستراتیژییە هەڵوێستی کوردە لە عێراق. لەبەر ئەوە ئەمەریکا زۆر بەلایەوە گرنگە یان بڵێین رەنگە ناچاریش بێت کە هاوکاری کورد بێت لەم قۆناغەدا. بۆ ئەوەی ئێمە ئەو هاوکاری و یارمەتییەی داومانە لە عێراق تا ئەم ستراتیژە تازەیەی ئەمەریکا سەر بکەوێ، ئەمە بۆ ئەمەریکا زۆر بە نرخە.

دووەم ئەمەریکا وهەموو کەسێکی دیکە ئاماژە بە هەرێمی کوردستان دەکەن وەک تەنیا ناوچەی سەقامگیر وئارام لە عێراق. ئەمەش توانا و لێهاتوویی دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کورستان نیشان دەدات . ئەمەش بە شێوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بۆ تورکیا دەگوازرێتەوە، واتە تورکیا یەکەم تێدەگات بە نیسبەت ئەمەریکا گرنگە دووەم تێدەگات کە ئێمە توانامان هەیە.

دامەزراندنی جەنەڕاڵ جۆزیف راڵستۆن بەلای تورکیاوە ئەوەیە کە ئەمە سەفیری ئەمەریکایە و مامەڵەی راستەوخۆ لەگەڵ هەرێمی کوردستان دەکات، بەڵام لە روانگەیەکی دیکەوە ئەمەریکا دەڵێ هەرێمی کوردستان و دەسەڵاتە سیاسییەکەی دەبێ پەیوەندی راستەوخۆیان هەبێ لەسەر مەسەلەی پەکەکە وکێشەی نێوان کوردی تورکیا و دەوڵەتی تورکیا.

### ئێمە دەتوانین فاکتەر و هۆکارێکی ئیجابی بین

ئەوە نرخدانە بەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی هەرێمی کوردستان حیسابێکی تایبەتی بۆ دەکرێ.

خەڵک بە چ شێوەیەک باسی پەکەکە دەکەن و پێی دەڵێن تیرۆریست یان هەر شتێکی دیکە ئەوە پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە. بەڵام ئێمە پەکەکە بە شێوەیەکی دیکە دەبینین، دۆزێکی نەتەوەیی کۆمان دەکاتەوە.

تورکیاش ئەوە دەزانێ، ئەو با هەر بڵێ پەکەکە رێکخراوێکی تیرۆریستییە. ئێمە شتێکی دیکە دەبینین. چونکە پەکەکە نوێنەری بەشێک لە رەئی کوردی کوردستانی تورکیایە، لەبەر ئەوە بەشێکە لە حیسابی دۆزی نەتەوەیی ئێمە.

مەسەلەی پەکەکە بۆ تورکیا کێشەیەکی بچووک نییە. راستە لەوانەیە تورکیا دانی پێدانەنێت. بەڵام دیارە کێشەی کورد سەرەکیترین کێشەی تورکیایە.

ئەگەر بتوانین ببینە جێگەی متمانەی تورکیا و لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا رۆڵی ئیجابی ببینین من وادەزانم هەنگاوی باش دەچینە پێش لەگەڵ تورکیا.

بەڕای من مەسەلەی ئێمە و تورکیا مەسەلەی کاتە، بەتایبەت رەوشی ئێستای تورکیا وەک رەوشی پاری ئەمەریکا لە کاتی هەڵبژاردن. حزبی حاکم رووبەڕووی هەڵبژاردن دەبێتەوە لە تورکیا. هەندێ بابەتی گەرم لە ئارادان دەبێ بە شێوەیەک دەریخەن کە ئەو سیاسەتەی ئەو حزبە هەیەتی بەرامبەر رووداو پێشهاتەکان سیاسەتێکی راستە بۆ ئەوەی خەڵک دەنگی بۆ بدات.

کاتێ سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا دەڵێ من وەک عەسکەرییک ناتوانم لەگەڵ دەسەڵاتی سیاسی حکومەتی هەرێم دابنیشم بەڵام با حکومەت دابنیشێ.

ئەمە حیساباتی خۆی تیایە.

کەنعان ئیڤریل سەرۆکی پێشووی تورکیا دەڵێ ئێمە تازە ناتوانین رێگر بین لە بەرامبەر پێشوەچوونەکانی کورد.

محەمەد سەبگەنی جێگری سکرتێری گشتی پارتی هەرە گەورەی ئۆپۆزسیۆنی تورکیا دەڵێ: تورکیا ناچارە خۆی لەگەڵ بیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی رابێنێ. ئەمانە هەمووی وەرچەرخانن.

ئەو بارودۆخە بەو شێوەیە دەبینم کە لۆزان سڕایەوە و سیڤەر جارێکی دیکە سەری هەڵدایەوە. راستە بۆ تورکیا زەحمەتە بەڵام ناچارە بەو واقیعە رازی بێت.

**تورکیا شەڕێکی سایکۆلۆژی لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا دەکات، ئەوەندەی پێی بکرێ درێژە بەو شەڕە دەدات،**

**هیچ وڵاتێکی عەرەبی ناتوانێ بە تەنیا خۆی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدات**

**ئەوەی لەسەر ئێمەیە ئەوەیە دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین ئەو بێ بڕواییەی تورکیا بەرامبەر کورد نەهێڵین بەروونی دەیڵێم تورکیا هیچ متمانەیەکی بەرامبەر کورد نییە**

**مەسەلەی پەکەکە بۆ تورکیا کێشەیەکی بچووک نییە. راستە لەوانەیە تورکیا دانی پێدانەنێت. بەڵام دیارە کێشەی کورد سەرەکیترین کێشەی تورکیایە**